# کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر فەرهەنگی زمانی کوردی

(PP 317 - 330)

م.ی.تریفە محەمەد فەرەج — م.ی.کەژاڵ جهابەخش محەمەد

بەشی کوردی زانکۆی گەرمیان — بەشی کوردی زانکۆی گەرمیان

Trefa.mohamed@garmian.edu.krd — Kazhal.jhabakh@garmian.edu.krd

بڵاوکردنەوە : 2020/10/29

DOI: https://doi.org/10.31972/jickpll19.19

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر فەرهەنگی زمانی کوردی)ە ، تێیدا ڕێبازی وەسفی پەیرەوکراوە. ئاشکرایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پانتاییەکی فراوانی لە ژیانی تاکدا داگیرکردووە , تاکەکانی کۆمەڵ بۆ دروستکردنی پەیوەندی ڕۆژانە بەشێکی کاتەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەسەر دەبەن.

بۆیە یەکێك لەو لایەنە گرنگانەی نێو ژیان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ئەمڕۆدا بونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە , وەك ئامرازێك بۆ پەیوەندیکردن و نزیکبونەوەی کۆمەڵگا لە یەکتری, لەبەر ئەوەی ژیان ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کۆمەڵ، هەر گۆڕانکارییەك لە کۆمەڵدا ڕوبدات ڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر زمان و فەرهەنگی ئاوەزیی دەبێت .

توێژینەوەکە لە دو بەش پێکهاتوە : بەشی یەکەم چەمك و پێناسەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ، هەروەها کاریگەرییە ئەرێنییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمان و کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمان خراونەتەڕو.

لە بەشی دوەمدا پێناسەی فەرهەنگ ، جۆرەکانی فەرهەنگ ، کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە سەر فەرهەنگی گشتی زمان هەروەها کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە سەر فەرهەنگی ئاوەزی باسکراوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجام و پوختەی توێژینەوە بەزمانە عەرەبی و ئینگلیزی لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی سودیان لێ وەرگیراوە ، خراونەتەڕو.

وشە کلیلیەکان:فەرهەنگی گشتی,فەرهەنگی ئاوەزی,تۆڕی کۆمەڵایەتی,وشەسازی.

## پێشەکی:

لەگەڵ کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردی بەڕوی جیهان و ئەو پێشکەوتنانەی لە بوارە جیاوازەکانی ژیان بە گشتی و بواری تەکنەلۆجیا بەتایبەتی ڕودەدەن , وایکردووە گۆڕانکاری بەسەر ژیانی تاکی کوردا بێت.لەبەرئەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پانتاییەکی فراوانی لە ژیانی تاکدا داگیرکردووە , تاکەکانی کۆمەڵ ڕۆژانە بەشێکی کاتەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەسەر دەبەن , لەڕێگەیەوە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر دەبەستن و ئاڵوگۆڕی ڕاو بۆچونەکان دەکەن.لەبەر ئەوەی توانای داهێنان لای مرۆڤ سنوردار نیە , هەربۆیە دەبینین ڕۆژانە شتی نوێ لەبوارە جیاوازەکان دادەهێنرێت و لەبواری تەکنەلۆجیاشدا ڕۆژانە پرۆگرام و ئەپی نوێ دادەهێنرێت و دەخرێتە بەردەستی کۆمەڵ لە ئێستادا کۆمەڵێك پرۆگرام هەیە و مرۆڤ بۆ پەیوەندیکردن بەکاریاندەهێنێت لەوانە(فەیسبوك,ئنستا گرام,ڤایبر,وەتس ئەپ,تلێگرام,سناپ چات, ئیمۆ,تویتەر,...) هەڵبەتە ئەمانە هەموی داهێنانی مرۆڤن و بۆ کارئاسانی و نزیککردنەوەی مرۆڤەکانە لەیەکتر بەکاردێت.

1- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زمان

1-1چەمك و پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

زاراوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرانبەر بە وشەکانی (social networks ) ئینگلیزی و (شبکە الاجتماعیە) عەرەبی بەکاردێت.

مەبەست لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان, ئەو دروستکراوە تاکە یان ڕێکخراوەیە کە پەیوەندی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگاکەدا دروستدەکات, بە زیاتر لە جۆرێك لە جۆرەکانی پەیوەندیکردن.لەڕێگەی ئەم تۆڕەوە تاکەکان دەتوانن گوزارشت لە بیرو بۆچونەکانیان لەگەڵ یەکتر بکەن.هەر لەم ڕێگەیەوە دەتوانن وێنە و ڤیدیۆ و وتارەکانیان,... بڵاو بکەنەوە.

میدیاکان بەئامێری پەیوەندی دادەنرێن، پەیوەندیی بەکۆمەڵ لەخۆیەوە دروست نابێت و سەرهەڵنادات ، بەڵکو پێویستی بە ئامێرێکە لە ڕێگەیەوە بتوانرێت لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێکی زۆردا پەیوەندی بەرقەرار بکرێت و ئەم ئامێرەش میدیایە ، میدیا دەکرێت تەلەفزیۆن ، فیلمی ڤیدیۆیی ، میدیای نوسراو ، مانگی دەستکرد ، ئەنتەرنێت واتە (تۆڕی کۆمەڵایەتی ) بێت.( خورشیدیان، رائیکا ودیگران ، 1393: 77-76) بەم پێیە دەتوانین بڵێین , کە میدیاکان بە ئامێرەکانی گواستنەوەی پەیام لە نێرەرێك یان چەند نێرەرێکەوە بۆ وەرگر یان چەند وەرگرێك دەوترێت کە ڕۆژنامە ، کتێب ، ڕادیۆ ، تەلەفزیۆن ، مانگی دەستکرد ، تەکنەلۆژییە نوێیەکانی پەیوەندی و زانیارییەکان و ئەنتەرنێت و... لە خۆدەگرێت.( کاظم زادە، موسی و کوهی، کمال ، 1389 : 190) لە جیهانی ئەمڕۆدا , ئامێری پەیوەندییەگشتییەکان لە هەمو وڵاتاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بوارەجیاوازەکانی سیاسی ، ئابوری ، کۆمەڵایەتی... . گرنگی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە ڕادەیەك دەبێت , کە زانایان لە قۆناغە مێژوییەکانی دابەشکردنی شارستانیەتی مرۆڤ ڕەچاویانکردوە (ئالوین تافلر) شارستانیەتی مرۆیی بۆ سێ قۆناغ دابەش دەکات , کە بریتیین لە, قۆناغی کشتوکاڵی ، قۆناغی پیشەسازی و قۆناغ یان سەردەمی پەیوەندییەکان و زانیارییەکان ، لە سەردەمی تەکنەلۆجیای زانیاری ، هێز لەدەستی کەسانێکە کە دەسەڵاتیان بەسەر تۆڕی پەیوەندی و زانیارییەکاندایە. یەکێك لەهۆکارە کاریگەرەکان کە زۆرترین کاریگەری بەسەر ڕەهەندی فەرهەنگی(کلتوری) کۆمەڵگای سەردەمدا وەکو تەکنەلۆجیای نوێ لەئەستۆیدایە ، ئەنتەرنێتە.( قانعیان سبدانی ، مهناز، 1395: 1) تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان , دەستەواژەیەکە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1954لەلایەن(جان بارنز)ەوە , لەبەشی مرۆڤ ناسی کۆمەڵایەتی چالاکی ئەنجامدەدا ، بەکارهاتوە ، ئەو توێژینەوەیەك لەبارەی گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەبەشێك لە نەرویج ئەنجام دەدات و لەو توێژینەوەیەدا دەستەواژەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕونکردنەوەی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و شیکردنەوەی میکانیزمی پەیوەندییەکان بەتایبەت بڕیارەکانیان بەکارهێنا. ئەگەر بمانەوێ لە ڕوانگەی جان بارنزەوە پێناسەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بکەین، دەتوانین بڵێین : تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان, کاتێك سەرهەڵدەدەن کە پێکهاتەیەك لە پەیوەندییە بەیەکەوە بەستراوەکان دروست دەبن ، هەر پەیوەندییەك بریتییە لە ، کەسێك یان گروپێك یان ڕێکخراوێك.

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان, بە مانای پیشاندانی پەیوەندی نێوان ئەم پەیوەندییانە و چۆنیەتی زانست و زانیاری نێوانیاندایە.(https://motamem.org/ ) هەرچەندە بەپێی کۆمەڵێك ڕاوبۆچونی دیکە, بۆیەکەمین جار بەکارهێنانی بیرۆکەی چەمکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان, بۆ ناوەڕاستی دەیەی شەستەکان دەگەڕێتەوە، دوای نزیکەی سی ساڵی تر یەکەمین تۆڕی کۆمەڵایەتی بەناوی (SixDegrees) بەشێوەیەکی ڕەسمی دانرا و دوای ئەمەش بو کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی دیکە بە خێرایی یەك لە دوای یەك سەریان هەڵدا. ( بروانە مرئی،ازادە : 1395)

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان , لە گروپێکی تاکەکەسی یان بە شێوەی ڕێکخراو پێکهاتوە , کە لەڕێگای یەك یان چەند جۆر پەیوەست بون پێکەوە بەستراون و لەنێو کۆمەڵگایەکی زانیاریی ئاڵۆز ، بەشێوەیەکی چالاك ئەرکی تۆڕەکە پیشان دەدەن و خۆشەویستی ڕۆژ لەدوای ڕۆژیان بەهۆی هەبوونی ڕەنگ و بۆنی کۆمەڵایەتییەوەیە .( رحمان زادە، سید علی، 1389: 2) بەگشتی دەتوانین بڵێین, تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان شوێنی گردبونەوەی سەدەهاملیۆن بەکارهێنەری ئەنتەرنێتە , کە بەبێ گوێدانە سنور و زمان و ڕەگەز وکلتور ، بە هەڵسوکەوت و گۆڕینەوەی زانیاری هەڵدەستن.( عدلی پور، صمد ودیگران ، 1393: 6)

2-1کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمان:

زمان وەك دیاردەیەکی زیندو , بەردەوام لە پرۆسەی نوێبونەوە و گەشەسەندن و بەرەوپێشچوندایە, لەبەر ئەوەی ڕۆژانە کەرەستەکان و پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ زیاد دەکات, ئەم زیاد بونی پێداویستیانە پێویستیان بە دروستکردنی وشە یاخود هێنانی وشە و وەرگرتن و خواستنیەتی لە زمانانی ترەوە بۆ ئەوەی کەلێنی زمانی بۆ ئاخێوەرانی زمان دروست نەبێت . یەکێك لەو لایەنە گرنگانەی نێو ژیان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ئەمڕۆدا بونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە , وەك ئامرازێك بۆ پەیوەندیکردن و نزیکبونەوەی کۆمەڵگا لە یەکتری, بێگومان هەر شتێك لە ژیانی مرۆڤدا کە ڕوو دەدات کاریگەری بەسەر زمانیشەوە جێدەهێڵێت. هەربۆیە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر زمان بەگشتی هەیە . لەخوارەوە بە کورتی باس لەو کاریگەرییانە دەکەین کە تۆڕە کۆمەڵاتییەکان لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا دروستی کردوە:

1-ئاستی دەنگسازی:ئاستی دەنگسازی لە دو بەش پێکدێت کە ئەوانیش(فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی)ن,هەرچەندە ئەم ئاستە کەمتر گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەیەت. کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەم ئاستەدا لە فەرەنگی ئاوەزی تاك تێناپەڕێتە فەرهەنگی گشتی .بۆنمونە لە فەرهەنگی ئاوەزی تاکدا بەرانبەر بە پیتەکانی(ح,ع/7)بەکاردێنن.(sman-7deqa ). گۆڕانەکان لەم ئاستەدا لە ئاستی فەرهەنگی ئاوەزی تاکدا دەوەستێتەوە و تێناپەڕێتە نێو فەرهەنگی گشتی زمان.

2-ئاستی وشەسازی:

ئاستی وشەسازی, یەکێکە لە ئاستە ناوەکییەکانی زمان و بەردەوام لە پرۆسەی نوێبونەوە و گەشەسەندندایە.(وشە وەك ڕەگەزێکی سەرەکی فەرهەنگ , یەکەم بەشە لە زمان کە دەکەوێتە نێو پرۆسەی گۆڕانکاری.( ڕەحیمی, کامەران،2007: 15) واتە هەر گۆڕانکارییەك کە لە جیهانی دەرەوەی زمان ڕو بدات , ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاستی وشەسازی زمان بەجێدەهێڵێت. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان , جیهانیان لە یەکتر نزیککردۆتەوە, زمانی ئینگلیزیش وەك زمانی زاڵ لە بواری تەکنەلۆجیا خۆی نمایشدەکات بۆیە بەشێك لە ئەکرۆنیم و ئەبریڤەیشنەکان" کورتکردنەوە"ی زمانی ئینگلیزی بەجۆرێك شێوەیەکی جیهانیان لە خۆ گرتووە , لەلایەن بەشێکی بەکاهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنرێت . (خالد,هیوا سەلام,2017: 186) وەك هەریەك لە وشەکانی.( f.b,tel , s.p,tnx ) مۆرفۆلۆژی ئاستێکە لە ئاستەکانی زمان کە دیراسەی ناوەوەی وشەکان و پەیوەندی نێوانیان لەخۆ دەگرێت. (حسینی بهشتی,ملوك السادات ، 1393: 28) مۆرفۆلۆژی توێژینەوەی پێکهاتەی ناوەوەی وشەکانی زمانە.( گلفام ,ارسلان ، 1393 : 157)

3-ئاستی سینتاکس: ئاستێکی ناوەکی زمانە و بناغەی ڕێزمانی زمانەکەیە .( نحو یان سینتاکس لە ڕوانگەی ئیتمۆلۆژی وشەدا لە وشەیەکی یۆنانییەوە بە واتای ڕێکخستن و ڕیزبەندی وەرگیراوە، ڕستەسازی هەر زمانێك بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لەو شێواز ورێگایانەی کە بەهۆیانەوە دەتوانرێت مۆرفیمەکان لێکبدرێن بۆ دروستبونی یەکەیەکی گەورەتر ، بەواتایەکی تر ڕستەسازی بەو یاساو ڕێسایانەی کە بە خستنەپاڵ یەکی مۆرفیمەکان دروستدەبێت ، دەوترێت یان ڕستەسازی بەو یاسایانەی زمان کە بەشێوەیەکی تایبەت دەنگ و واتا بە یەکتر پەیوەند دەدات ، دەوترێت.( خالد, هیوا سەلام,2017: 187)زۆرێك لە زمانەوانان ڕستەسازی بە ئاستێکی جێگیری زمان ئەژمار دەکەن,چونکە بەشێوەیەکی گشتی زۆر بە دەگمەن گۆڕانکاری لەئاستی ڕستەکانی زماندا ڕودەدات.( بخشی,اختیار : 1395) هەرچەندە ئەم ئاستە کەمتر دەکەوێتە بەر لێشاوی گۆڕان و کەمتر خۆی بەدەستەوە دەدات, بەڵام کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەم ئاستەشدا دەبینرێت هەر لە ڕیزبەندی وشە و ڕیزکردنی وشە و کرتاندنی بەشێکی ڕستە. بۆنمونە (کراوەتەوە کتێبخانە- خوێندومەتەوە کتێبەکە) .

4-ئاستی واتا:بە ئاستی دەرەکی زمان ناودەبرێت, (دیراسەکردنی لایەنی واتایی زمان لەئەستۆی زانستی واتاسازییە. ( ذوالفقاری، حسن ، 1388 : 58)واتاسازی ئەو لقەی زمانەوانییە کە بە لێکۆڵینەوە لەسەر یەکە زمانییەکان خەریکدەبێت . ئەم ئاستە زیاتر گۆڕانی بەسەردا دێت , هۆکارەکانی گۆڕانی

واتای وشەش زۆرن، لە ڕۆژگاری ئەمرۆشدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەك هۆکارێك گۆڕانی واتایی دروستدەکات. بۆ نمونە وشەکانی تۆڕ و دەستی دو کە پێشتر تۆڕ بۆ بە تۆڕی چنراو دەوترا کە بۆ ڕاو بەکاردێت . (فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە،هەژار موکریانی : 153)و دەستی دوش کە تاڕادەیەك مەبەستێکی نەرێنی هەبوە لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە واتایان گۆڕاوە لە ئێستادا تۆڕ مەبەست لە (network)ی ئینگلیزیە، هەروەها دەستی دوش لەئێستا دا واتایەکی ئەرێنی دەبەخشێت و لە ئێستادا چەندین بازاڕی ئۆن لاین هەن کە هەندێ جار کاڵاو شمەکی نوێشیان تێدا دەفرۆشێت. هەروەها وشەی چونە دەرەوە لە ئێستادا بۆ دەرچون لە نێو پەڕی تایبەتی دێت. ( بڕوانە:خالد،هیوا سەلام،2017 :188) هەروەها وشەکانی "پۆست"کە پێشتر بە واتای پلە و پایە دەهات، بەڵام ئەم وشەیە لەمڕۆدا لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان واتاکەی فراوان بوە و بەواتای بڵاوکردنەوەی وێنە، ڤیدیۆ،وتار،... دێت. هەروەها وشەی بلۆك، کە پێشتر بەواتای خشتی دیوار دەهات بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا و لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەمەبەستی ڕێگریکردن لە کەسێك کە بێزارت بکا بەکاردێت. ئەرکی سەرەکی زانستی واتاسازی ئەوەیە کە لە شێوە جیاوازەکانی گواستنەوە و گۆڕانی واتاکان دەکۆڵێتەوە. واتای ئاساییان لەیەك جیابکاتەوە و هەوڵبدات تاکو بۆ هەر بابەتێکی دیاریکراو ناوێکی تایبەت دەستەبەر بکات .( مدرسی ،فاطمە ، 1387 : 344)

1-3کاریگەرییە ئەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمان:

1-فێربونی وشەی نوێ(vocabulary) بە گوێرەی توێژینەوەیەك کە لەلایەن هەردو توێژەر (**mirab,monica**) بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سودی هەبوە بۆ فێربونی وشە نوێیەکان تایبەت بە ئەوانەی زمانی ئینگلیزی زمانی دایکیان نیە،لەم توێژینەوەیەدا توێژەران بۆیان دەرکەوتوە، کە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فێری وشەی نوێ دەبن بەڵکو فێریش دەبن لە چ ناوەرۆکێکدا ئەو وشانە بەکار بهێنن.

2-یارمەتی فێربوانی زمان دەدات کە بەئاگا بن لە هەڵەکانیان و خۆیان لە هەڵە بە دور بگرن.

3-فێری کورتبڕییان دەکات , لەکاتی گێڕانەوەی هەر بەسەرهاتێکدا.(25 : mirab ,monica,2014 )

4-لەڕوی فۆنەتیکەوە وا دەکات کە زمانی کورتکرنەوەی دەنگ و خێرا قسەکردن بەکاربهێنێت و بۆ زۆرترین گوێگر قسە بکات.(Jessica yabrow,2014 )

1-4 کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمان:

1-ئاستی توانستی نوسین و ڕێنوس لای خوێنەر کەمدەکاتەوە،چونکە ناتوانن زمانێکی پاراو و باش لەیەك جیا بکەنەوە.

2-لە گفتوگۆدا هونەری یەك بۆ یەك بەکاربهێنێت , توانای  گفتوگۆی ڕوبەڕو کەم دەبێتەوە.

3-خوێندکار ڕستەسازی و ڕێزمان پشتگوێ دەخات، لەکاتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان .

4-زیاتر پشت بە کورتبڕی و هێما دەبەستێت، لەکاتی نوسیندا.

5-خوێندکار ڕێساکانی لێکچواندن و کورتکردنەوە و کورتبڕی لە فۆنەتیکدا پشتگوێ دەخات.(11: Anika Belal,2014 ) و(شوهانی ، علیرضا و حسینی سارا ، 1397: 79-81).)

2-کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر فەرهەنگ:

1-2 فەرهەنگ:

گەنجینە و کۆگای زمانە, کە یەکە واتاییەکانی تێدا دەپارێزرێت بەگوێرەی ئەلفوبێی فەرهەنگی زمانەکە ڕیز دەکرێن.(محە مەدئەمین,میدیا مراد,2009 :8)یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی مانەوەی وشەیە, هەر زمانێك بگرە لەسەر ئەم ڕوی زەمینە خاوەنی فەرهەنگی تایبەتی خۆیەتی و لەڕێگەیەوە خاوەندارییەتی لە وشەکانی زمانەکەی دەکات و لە لەناوچون و فەوتان دەیانپارێزێت.(فەرهەنگ,تێکڕای وشەی زمانێك "نوسرا و , نەنوسراو, گوتراو,نەگوتراو,ماو, مردو, زاڵ و ژێر دەست, سست و چالاك "لەخۆ دەگرێت.(عەبدولڕحیم,عوسمان کەریم,2014 :10) واتە هەمو ئەو وشانەی کە ڕۆژگارێك بەکاردێن لە فەرهەنگدا دەمێننەوە و تۆمار دەکرێن.(فەرهەنگ,پەرتوکێکە تایبەتە بە کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی تاکە وشەکانی زمان و بەشێوەیەکی تایبەت, کە تێیدا وشەکان ڕاڤە دەکرێت و تەمومژی وشەکان دەرەوێنێتەوە.(دزەیی,عەبولواحید موشیر,2014 :113)لەڕێگەی فەرهەنگەوە دەتوانرێ واتای وشە لێڵ و تەمومژەکان بزانرێت. (فەرهەنگ,تۆمارگەیەکە بۆ کۆکردنەوەی وشەکانی زمان و ڕێکخستنیان بەپێی پێرەوێکی تایبەتی و پاراستنیان لە فەوتان و لەناوچون.( عەلی,بەکر عومەر,عەبدولغەنی,سۆزان سەعدوڵلا,2019 :240)

کەواتە , فەرهەنگ کتێبێکی سەرچاوەیی و مەرجەعە بۆ وشە و زاراوەی زمانێکی دیاریکراوی تێدایە , کە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕێکخراوە لەگەڵ پێناسەی هەر وشەیەك و دەرخستنی هاوواتاکەی لە هەمان زماندا, یاخود لە زمانێکی دیکەدا. لەگەڵ ڕونکردنەوەی ئەو وشانەی کە لێوەی وەردەگیرێن و بەکارهێنانی و مانا جیا جیاکانی و هەروەها دەرخستنی لایەنی مێژویی وشەکان و چۆنیەتی گەشەکردنیان.(عەبدوڵلا,ڕۆژان نوی,2013 :293) زمان بریتییە لە, سیستەمێکی ئاڵۆز کە لە سێ بەشی سیستەمی دەنگی، سیستەمی ڕێزمانی، سیستەمی واتایی پێکهاتوە، هەر زمانێك جگەلە لەو سیستەمانەی ئاماژەیان پێکرا، بەشێکی دیکەی هەیە بە ناوی فەرهەنگ. فەرهەنگ هەمو وشەکانی زمان لەگەڵ هەمو ئەو یەکەزمانیانەی ڕۆڵی وشە دەگرنەئەستۆ لەخۆ دەگرێت. (شیرزادە طالقانی ,فاطمە ، 1391) واتە یەکێك لە شێوازە بەکارهاتوەکان بۆ پێناسینی زمان یان زارێکی تایبەت، کۆکردنەوەی فەرهەنگی زمانە بۆ ئەو زمانە یان زارە. بەشێوەیەکی گشتی هەر کۆمەڵە وشەیەکی کۆکراو دەتوانرێت پێی بوترێت، فەرهەنگ، بەڵام بۆ پێناسینی زمان پێویست بەو فەرهەنگانەیە کە بە شێوەیەکی زانستی و ورد نوسرابن.( سبزعلیپور، جهاندوست، نیك گهر، سیدە فاطمە، 1393: 66)فەرهەنگ بەشێوەیەکی سادە (لە پێناسەیەکی سادە)دا بریتییە لە لیستێك لەهەمو یەکە فەرهەنگییەکان. (المشکوەالدینی, مهدی ، 1391: 183) فەرهەنگ لیستێك لە وشەکانی زمانێکە کە زانستێکی هاوشێوەی بەکارهێنانی وشەی لەگەڵدایە، فەرهەنگ دەتوانێت گشتی یان تایبەت بە بابەتێك(دیاردەیەك) بێت، پێوانەیەکی گشتی بۆ کۆکردنەوەی زانست لە فەرهەنگدا ئەوەیە کە دەرکەوێت ئەو زانستەی لەو فەرهەنگەدا کۆکراوەتەوە پەیوەندی بە وشەوە هەیە یان نە.(قاسمی زادە,بهرنگ ، رحیمی,سعید، 1385: 1) فەرهەنگ, یەکێکە لە گرنگترین ئەو ئامرازانەی کە دەتوانرێت لەڕێگەیەوە دەوڵەمەندی و ئاستی زمانێکی پێ هەڵبەسەنگێنرێت, چونکە هەرکات بمانەوێت ئاستی دەوڵەمەندی زمانێك بزانین ڕاستەوخۆ دەگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگ و لەوێوە بڕیار لەسەر زمانەکە دەدەین.

کەواتە, بونی فەرهەنگ لە هەر زمانێکدا گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە بۆ پارێزگاریکردن لە وشەکانی زمانەکە و دەرخستنی ئاستی زمانەکە.

2-2 جۆرەکانی فەرهەنگ:

دیارە لە کۆنەوە تاکو ئێستا جۆرەکانی فەرهەنگ بەچەندین شێوە پۆلێنکراون. بەڵام ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا جەختی لەسەر دەکەین بریتین لە (فەرهەنگی گشتی,فەرهەنگی ئاوەزی)لەنێو فەرهەنگی گشتی زمانیشدا دو جۆرفەرهەنگمان دەستنیشانکردووە کە ئەوانیش بریتیین لە (فەرهەنگی بنەڕەتی و فەرهەنگی نا بنەڕەتی).

فەرهەنگی گشتی: ئەم جۆرە فەرهەنگە گرنگی دەدات بە, واتای وشەکان و ئەو سەرچاوانەی وشەی لێدروستبوە و تیشك دەخاتە سەر لێکۆڵینەوە و ئەو گەشەو گۆڕانانەی کە بەدرێژایی مێژو بەسەریدا هاتوە , لەگەڵ جیاکردنەوەی وشەی ڕەسەن و ناڕەسەن و بەکارهێنراو و مردو.(دزەیی,عەبدولواحید موشیر ,2014 : 15) واتە, لەمجۆرەدا وشەکانی زمانەکە لەگەڵ ئەو واتایانەی کە ئەو وشە دەیگەیەنێت و ئەو سەرچاوانەی تێدا بەکاردێت. تۆماردەکرێن.

فەرهەنگی گشتی, سەرجەمی ئەو وشانە لە خۆ دەگرێت, کەوا لە هەمو قۆناغەکانی مێژویی ئەو زمانەدا هەبون ,جگە لە فەرهەنگی بنەڕەتی بە کاکڵە و مەغزای زمان دادەنرێت .(فەرهەنگی گشتی لەڕوی ژمارەوە بێ سنور وشە لەخۆ دەگرێت, هۆیەکانی دەوڵەمەند بونیشی بەستراوە بە گەشەسەندنی ژیانی مرۆڤەوە لە هەمو بوارەکانی ژیاندا. (عەبدولڕەحیم, عوسمان کریم,2014 :17)

1-فەرهەنگی بنەڕەتی: جۆرێکە لە جۆرەکانی فەرهەنگی گشتی، وشە بنەڕەتییەکانی زمانێکی تێدا تۆمار دەکرێت, لەمجۆرەدا فەرهەنگ تایبەت دەبێت بە وشە ڕەسەنەکانی زمان و خۆی لە وشەی بیانی بە دور دەگرێت.

فەرهەنگی نابنەڕەتی:بەپێچەوانەی فەرهەنگی بنەڕەتییەوە, لەمجۆرەدا زمان کۆی وشەکانی تێدا تۆمار دەکات وشەی ڕەسەن و هەمو ئەو وشانەشی کە بیانی و بە ڕێگەی جۆراو جۆر هاتونەتە نێو زمانەکەمان. (دەتوانین بڵێین , زمانی کوردی جوت فەرهەنگی هەمەکییە, بەشێکی زۆری وشەکان لە عەرەبییەوە خواستراون, لە زۆربەی بارەکاندا وشە عەرەبییەکان, تەنانەت تەنگیان بە وشە کوردییە ڕەسەنەکان هەڵچنیوە و بیر و بۆچونەکانی ئاخێوەرانی کوردیان لە خۆیاندا هەڵگرتوە.( مەحوی,محەمەد,2016 :45)

2-فەرهەنگی ئاوەزیی: ئاماژەیە بۆ مێشکی قسەکەر, کە سەرجەم زانیارییە دەنگی و واتاییەکانی وشەکانی تێدا پارێزراوە پرۆسەی تێگەیشتنی زمانی لەسەر دەوەستێت.(marslen Wilson& tyler, 1994:13 )لە (ڕەحیم ,سەلام و عەزیز,خۆشناو,2019 :83) فەرهەنگی ئاوەزی ئەو بەشەی ڕێزمانی مێشکی قسەکەری زمانە کە زانیاری فۆنۆلۆجی ، مۆرفۆلۆژی و واتاسازی و سینتاکسی وشەکان و مۆرفیمەکانی ئەو زمانە لەخۆ دەگرێت.( نجفیان ، آرزو ، 1392 :183)

کەواتە فەرهەنگی ئاوەزیی بریتییە لە, فەرهەنگی تاك و بێگومان ئەم فەرهەنگە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە, هەر کەسێك خاوەنی فەرهەنگی ئاوەزیی تایبەت بە خۆیەتی, هەربۆیە ئەستەمە فەرهەنگی ئاوەزیی دو کەس وەك یەك بن.(ئەم فەرهەنگە, وەکو سیستەمێك هەمو وشەکانی زمانی تێدا گەنج کراوە ئێستا بەشێوەیەکی گشتی ئەم سیستەمە بە تیۆری جاڵجاڵۆکەیی وەسفکراوە بە پشت بەستن بەم تیۆرییە وشەکان هەمویان لە خاڵێکدا پێکەوە بەستراون. (سەعید,محەمەد مەجید,2015)ئەوەی شایانی باسە لەبارەی فەرهەنگی ئاوەزی توێژینەوی تایبەت نەکراوە و (ئەوەی تاوەکو ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەی زانستی لەم بوارانەدا لەسەر فەرهەنگی کوردی نەکراوە و هێشتا فەرهەنگە ئاوەزییەکەی نەنوسراوەتەوە و ئامادە نەکراوە.( مەحوی ,محەمەد,2016 :46)کەواتە فەرهەنگی ئاوەزی,هەمو ئەو زانیارییە دەنگی و وشەیی و ڕستەیی و واتاییانەیە کە هەر تاکێك دەربارەی زمانەکەی دەیزانێ.

2-3کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر فەرهەنگی زمانی:

گۆڕان لە زماندا بەهۆی هۆکارە جیاوازەکان وەکو تازەگەری، ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی، گۆڕان لە ئایینەکان و بیرکردنەوەی نوێ لە زانستەکان دێتە ئارا، بۆ زمانێکی وەکو زمانی فارسی، گۆڕان لە ئاستی زماندا لە ئاستی دەنگسازی، ڕێزمان و فەرهەنگ و واتادا ڕودەدات، بەڵام ئەم گۆڕانە لە هەمو ئاستەکان وەکو یەك نین و بە پێی هەر ئاستێکی زمان جیاوازە بۆنمونە گۆڕانی فەرهەنگی بەگوێرەی گۆڕانی دەنگسازی و ڕێزمان و واتایی خاوەنی خێرایی بەرز و فراوانێکی زیاتر بوە. سەرەکی ترین و ئاشکراترین گۆڕان لە زماندا لە جۆری فەرهەنگییە، ئەگەر گۆڕان لە ئاستی دەنگسازی بەهۆی لەبیرکردنەوەی شێوەکانی پێشویان لەلایەن قسەکەرانی هەر زمانێك بەشاراوەیی مابێتەوە، بۆ دەست نیشانکردنیان ئاخێوەران پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی ورد و وشیارانەیە لە زمانەکەیان. بەڵام گۆڕان لە فەرهەنگدا بەشێوەیەکی سادە لەپێش چاوی خەڵکدا هەن. لەئەنجامی هەرگۆڕانێك لە زماندا بەباشی درك بە گۆڕان لە فەرهەنگدا دەکەن، لەگەڵ پێشکەوتنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ئەنتەرنێت و بەرنامەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕان لە فەرهەنگ و ڕێزمانی زمانەکە.( بڕوانە : امین افشار ، مریم و محمدی نیا ،مهدی ، 1396 : 1)

زمان وەك دیاردەیەکی زیندو, هەمیشە لە گەشەو بەرەوپێشچوندایە, بەردەوام وشەی نوێ دێنێتە نێوییەوە و وشە سواو و بەکارنەهاتوەکان فرێدەداتە دەرەوەی زمانەکە.(گەشەسەندنی فەرهەنگ کردەی زیادکردن و داهێنانە لە ژمارە و یەکەی کەرەستە فەرهەنگییەکانی زمانێکی دیاریکراو,لەڕێگای جۆر بەجۆرەکانییەوە بە ئامانجی دروستکردنی هاویەکسانییەك لەنێوان فەرهەنگ و چەمك و وشە و زاراوە.(ڕەحیم,سەلام,عەزیز,خۆشناو,2019 :86)لەبەرئەوی زمان بەردەاوم لە گۆڕاندایە و هەمیشە هەوڵدەدات پێداویستییەکانی کۆمەڵگاکەی پڕ بکاتەوە هەر بۆیە لەکاتی دروستبونیی دیاردەیەك زمان پەنا دەباتە بەر خواستن یاخود وەرگرتنی وشەی بیانی. لەبەر ئەوەی زمان بەردەوام لە هەوڵی نوێبونەوە و گەشەکردن و مانەوەدایە ئەمەش وا خۆی دەردەخات کە بتوانێ بەپێی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵ بەرەو پێش بچێت و لێی دانەبڕێت ئەگینا ئەو کاتە زمان بەرەو لاوازی و لەناوچون دەچێت ئەمەش بەوە دەبێت زمان کەرەستەی پێویست بخاتە بەردەم بەکارهێنەرانی کە ئەمەش بێگومان بەڕێگەی جیاواز دەبێت.(سەعید, محەمەدمەجید,2015 :118)لەبەرئەوەی داهێنان و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەردەوام لە زیادبوندایە ئەم زیادبون وبەرەوپێشچون و داهێنانانە پێویستیان بە داهێنانی وشەی نوێ دەبێت, زۆرجار بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە پەنا دەبرێتە بەر خواستن و وەرگرتن و داتاشینی وشەی نوێ.(پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕان لەکۆمەڵدا دەگۆڕێت و زیاد دەکات, پێوستی تازەی ژیانی کۆمەڵ لە گەشەوگۆڕانیدا دێتە کایەوە, ئەو پێویستیانە پێویستیان بە زمانی دەربڕین هەیە,واتە زمانێك دەبێت لەگەڵ ئەو گۆڕان و پێشکەوتنەدا بگونجێت.(شوانی,ڕەفیق ,1998 :19) لە کۆتایی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو فەیسبوك و تویتەر و تلێگرام ڕێگاکانی دروستکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانی گۆڕی . کۆی ئەم گۆڕانکارییە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تێکچون و ناهاوسەنگی و بێ سەروبەری لە ئاستی زمان و ئاخاوتندا کە سەرچاوەکەی گۆڕانەکانی فەرهەنگ و وشەسازی و ڕستەسازییە.(امین افشار ، مریم و محمدی نیا ،مهدی ، 1396 : 1) لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا, لەئەنجامی ئەو پێشکەوتنە خێرایانەی بواری تەکنەلۆجیا و لە نێویشیاندا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەك بەشێکی ئەو پێشکەوتنانە چەندین وشەو زاراوەی نوێ و نامۆ بە زمانەکەمان لە زمانەکەماندا بەکاردەهێنرێت و ئاخێوەران و بەکارهێنەرانی ئەم لەگەڵ وشە و دەستەواژە بیانییەکاندا ڕاهاتون و وەك بەشێك لە فەرهەنگی زمانەکەی خۆیان بەکاریدەهێنن. لەبەرئەوە دەبینین هەرچەندە هەندێ وشەی کوردی هەیە دەتوانرێت بۆ هەندێك لەو بەشانەی بواری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار بهێنرێت,بەڵام ئاخێوەرانی زمانی کوردی بە وشە بیانییەکە ڕاهاتون و لەسەر زاریان ئاسانتر گۆ دەکرێت بەراورد بە وشە کوردیە خۆماڵییەکە.وەك وشەکانی (وتە/کۆمێنت,بڵاو کردنەوە/پۆستکردن,بەدڵبون/لایك,...). هەرچەندە پرۆسەکانی وشە دروستکردن هۆکارێکی سەرەکی و گرنگی زیادبونی وشەیە لە زمانانداو بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕێگە و شێوازی جیاواز هەیە بۆ هاتنە ناوەوەی وشە بۆ نێو زمان و ئەم ڕێگا و شێوازانەش بەپێی کات و بەپێی سەردەم گۆڕانکاری بەسەردا دێت.لەسەردەمی ئەمڕۆماندا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەك ئامرازێکی گرنگ و کاریگەر ڕێگە خۆشکەرە بۆ هاتنە ناوەوەی چەندین وشە و دەستەواژە بۆ نێو زمانەکەمان کاریگەری ئەم لایەنە بەسەر زمان و فەرهەنگی زمانەوە هەستی پێدەکرێت, (لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە نوێکان و پێشکەوتنە خێراکانی بواری زانست و تەکنەلۆجیا بونەتە هۆی ئەوەی کە چەندین چەمکی نوێ و نامۆ بە مرۆڤ دەربکەون ئەمەش وا لە زمان دەکەن کە لە زمانی سەرچاوەی زانستەکەوە ئەو وشانە بخوازن و وەریانبگرن چونکە فەرهەنگی هیچ زمانێك بۆ دەربڕینی هەمو ئەو چەمك و دیاردانە کە لە فەرهەنگی زمانانی ترەوە دێن توانا پێویستی نیە.( سەعید,محەمەد مەجید,2015 : 120-121)

زمانناسان لە فەرهەنگی زمان لە دو ئاستی مۆرفۆلۆژی و فەرهەنگنوسی دەکۆڵنەوە:

ئاستی مۆرفۆلۆژی: لەم ئاستەدا لە هەمو پەیوەندییە پێکهاتەیی ، مێژویی، زانستی کۆمەڵایەتی نێوان وشەکان دەکۆڵدرێتەوە .

ئاستی فەرهنگنوسی: ئەم ئاستە گرنگی بە چۆنیەتی کۆکردنەوەو نوسین(تۆمارکردن) و ڕێکخستنی وشەکان لە قاڵبی فەرهەنگێك دەدات. لە فەرهەنگنوسی بۆ هەر وشەیەك زانیاری زۆر جۆراوجۆ لە پێش چاو دەگرن لەوانە: زانیاری ڕێنوسی، دەنگی، ڕێزمانی، واتایی، بەکارهێنان، شێواز، زانستی، مێژویی و ئیتمۆلۆژی.( شیرزادە طالقانی, فاطمە ، 1391) بۆیە دەتوانین بڵێین, فەرهەنگ بەواتای کۆمەڵەوشەیەکی زمانێکە کە وەکو کۆگایەك لە ئامێرە زمانییەکانە کە تەنانەت هەندێکیان بۆ جارێکیش بەکارناهێنرێن, بەڵام نەبونیان لەو کۆمەڵەیە دەبێتە هۆی کەموکورتی. بۆیە ئەم وشانە لەگەڵ

ئەوەی کە لە ئاوەزماندایە، جیاوازە. لە فەرهەنگ بنەمای کارکردن لەسەر ئەلفوبێیە بەڵام لەئاوەزدا، وشەکان لەسەر بنەمای ئەلفوبێ نییە.( سبزعلیپور ,جهاندوست و نیك گهر ,سیده فاطمه ، 1393: 74)

لەبەرئەوەی ژیان ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کۆمەڵەوە هەر گۆڕانکارییەك لە کۆمەڵدا ڕوبدات ڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر زمان و فەرهەنگی زمان دەبێت. ئاشکرایە ژیانی کۆمەڵیش بەردەوام لە پێشکەوتندایە و مرۆڤ هەمیشە بەدوای نوێگەرییەوەیە و حەزی نوێگەری لە ناخیدایە، ئەم نوێگەرییە لە هەر بوارێك و لەهەر وڵاتێکدا ڕوبدات کۆمەڵ خۆی لەگەڵی دەگونجێنێت و زۆر جار پێشکەوتنەکان سنوری وڵاتان دەبەزێنن و دێنە نێو وڵات و نەتەوە جیاوازەکانەوە هەر بۆیە ئەو نەتەوانەش لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا ڕا دێن و کاریگەری بەسەر ژیان و زمانەکەشەوە بەجێدەهێڵێت. لەبەرئەوەی ئەو داهێنانەی لە وڵاتە پێشکەوتوەکانی بواری تەکنەلۆجیا سەرهەڵدەدات و کۆمەڵگای کوردیش بەکاریاندەهێنێت، زمانی کوردی هەمیشە توانای داهێنانی وشەی نیە بۆ ئەو پێشکەوتنە خێرایانە بۆیە ئەمە وا دەکات کە ئەو وشە و چەمکانە وەك خۆی لە زمانەکەماندا بەکار بێت و لە فەرهەنگی ئاوەزیی تاکی کورددا و لە فەرهەنگی گشتی زماندا جێگەی خۆیان گرتوە. بۆ نمونە لە بواری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چەندین وشە هاتونەتە نێو فەرهەنگی زمانەکەوە و ڕۆژانە بەسەر زاری خەڵکەوەن و لە فەرهەنگی ئاوەزیدا ئەم وشانە چەسپاون. بۆنمونە وشەکانی (پرۆفایل,کۆمێنت, لایك, فرێند, شەیر,فەیسبوك,ئنستاگرام,دایکرێکت,بلۆك,تویت,ماسنجەر, سناپ چات, فلتەر,تاگ,چات, گروپ چات,ستۆری, فۆلۆ,ڕیپلەی,هاشتاگ,منشن, ئیمۆجی,سێرچ, بیۆ,اعجبنی, مشارکه, بازاڕی ئۆنلاین,...)لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی هاتونەتە ناوەوە بۆ زمانەکەمان.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەك یەکێك لە هۆکارەکانی گەشەکردنی فەرهەنگ ڕۆڵی بەرچاوی هەیە و چەندین وشە و زاراوە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هاتونەتە نێو زمانەکەو دواتر ئەم وشانە دەبنە بەشێك لە فەرهەنگی زمانی.( ڕەحیم,سەلام وعەزیز,خۆشناو,2019: 88)

کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر فەرهەنگی نابنەڕەتی زیاتر هەستی پێدەکرێت, چونکە فەرهەنگی بنەڕەتی تایبەتە بەوشە ڕەسەکانی زمانە و مۆرکی تایبەتی نەتەوەیەکی پێوە دیارە, بەپێچەوانەی ئەم جۆرەیان وشەی خواسترا و بێگانەی تێدایە و ئەمجۆرەیان پەیوەستە بەو گۆڕانکارییانەی کە لە ژیان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ڕودەدەن بەهەمو لایەنەکانیەوە(سیاسی,ئاینی,کۆمەڵایەتی,پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا, بازرگانی,...)ئەمەش وا دەکات هیچ کات نەتوانرێت سنوری بۆ دابنرێت چونکە گەشەسەندنی ئەمجۆرە فەرهەنگە پەیوەستە بە گەشەکردنەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

4-2 کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر فەرهەنگی ئاوەزی:

لە هەر زمانێك جگەلە لە بونی یاسا دەنگی و مۆرفۆلۆژی وسینتاکسی و واتاییەکان، هەروەها فەرهەنگێکیش لە مێشکی قسەپێکەرانی هەر زمانێکدا هەیە کە پێی دەوترێت فەرهەنگی ئاوەزی.(قاسمی ماژین، فرخنده ودیگران : 1395)فەرهەنگ(lexicon) بە بەشێك لە ڕێزمان دەوترێت کە کۆمەڵێك وشە لە مێشکی قسەپێکەرانی زمانەکە لە خۆدەگرێت، هەریەك لەو وشانە لە فەرهەنگی ئاوەزی، خاوەنی زانیاریی فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکیی تایبەت بەخۆیەتی و بەپێی هیچ یاسا و سیستەمێك ناتوانرێت زانیارییە فەرهەنگییەکان دەستنیشان و جیابکرێنەوە .(امین افشار ، مریم و محمدی نیا ، مهدی ، 1396: 3).

فەرهەنگ لە نێو بابەتە زمانییەکان خاوەن گرنگییەکی تایبەتە، بەو واتایەی کە زمان لە فەرهەنگدا دروستدەبێت، هەمومان خاوەنی کۆکراوەیەکی فەرهەنگین کە بنەمای تواناکانمان لە دروستکردنی پەیوەندیدا لەسەری بنیات دەنێین. ئاساییە کە ئەم کۆکراوەی فەرهەنگییە دەبێت بەشێوەیەك دروست بوبێت کە خاوەن نەرمییەکی زۆر بێت، بەشێوەیەك ئەو وشە تازانەی کە ڕۆژانە فێری دەبین لە خۆیدا هەڵیبگرێت و لەلایەکی ترەوە گەڕان تیایدا بەخێراییەکی زۆرەوە ڕو بدات.(شریفی ,شهلا و مولوی وردنجانی , آرزو ، 1387: 54) بۆیە وا پێدەچێت کە وشەکان بەشێوەیەکی ڕێك و پێك لە فەرهەنگی ئاوەزی هەر مرۆڤێك شوێنی خۆیان گرتبێت، چونکە قسەکەران لە هەر بارودۆخێکدا وشە پێویستەکانی خۆیان بە ئاسانی و بە خێرایی

هەڵدەبژێرن و لە ئاخاوتندا بەکاری دەهێنن، هەروەها لە کاتی بیستن، بەئاسانی دەیانناسنەوە، جگە لەمە سیستەماتیکی بونی وشەکان، وەکو زانیارییە کۆکراوەکانی تری نێو مێشکدا وا دەکات کە مێشکی مرۆڤ خاوەن نەرمییەك بێت و هەروەها فراوانتر بێت، بەپێچەوانەی ئەمەوە واتە نەبونی ڕێکخستنێك لە نێوان وشەکان لە فەرهەنگی ئاوەزیدا ناتوانرێت بەشێوازێکی ئاسان و خێرا وشەکان لە ئاخاوتندا بەکاربهێنرێت.(بڕوانە مشکوەالدینی, مهدی ، 1391 : 10) هەندێك لە زانایانی زانستی زمانی دەرونی فەرهەنگی ئاوەزی بەشێوەی کۆمەڵێك وشە(یەکەی زمانی)لەبەرچاو دەگرن کە دەروازەی فەرهەنگی جیاواز تیایدا پاشەکەوت کراوەکە لەگەڵ یەکتردا لە پەیوەندی دەبن واتە پێکەوە پەیوەندییان هەیە. (شریفی، شهلا، مولوی وردنجانی، آرزو ، 1387: 54)چونکە بۆ هەر وشەیەك کە بۆ قسەکەری زمانەکە ناسراوە، نوێنەرێکی تایبەت لەو وشەیە لە فەرهەنگی ئەو کەسەدا بونی هەیە، ئەو نوێنەرە دەروازەیەکی فەرهەنگی ناو دەنرێت، دەروازەیەکی فەرهەنگی دو بەشی وێنەیی و واتایی لەخۆدەگرێت، لەبەشی وێنەیی جگەلە تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجی و ڕێنوسییەکان، کۆمەڵێك زانیاری لەبارەی لایەنی مۆرفۆلۆژی هەریەکەیەکی زمانی (مۆرفیم و وشە)بونی هەیە.( نجفیان، آرزو ، 1392: 183)

سەرەتاییترین گریمانە ئەوەیە, کە ئەگەر لە کاتی بینین یان بیستنی وشەیەك، زانیارییە فیزیکییەکانی تایبەت بەو وشەیە (شێوەی دەنگی و ڕێنوسی) لەگەڵ یەکێك لە دەروازەکانی ناو فەرهەنگی ئاوەزیدا یەك بگرێت واتە گونجاو بێت، زانیارییە فەرهەنگییەکانی ئەو وشەیە لەبەر دەست دەبێت بە گەڕاندنەوەی ئەم زانیاریانە، دەستکەوتنی (پێگەیشتنی) فەرهەنگی دەوترێت یەکێك لە لایەنە با یە خدارەکەی دیاردەی دەستکەوتن یان پێگەیشتنی فەرهەنگی خێرایی ئەم دیاردەیەیە، لێکۆڵینەوەکان نیشان دەدەن کە قسەکەری زمانێك وشەکانی نێو فەرهەنگی ئاوەزیدا لە کاتێك کەمتر لە دوسەد لە هەزاری چرکەیەك(1000/200) دەست نیشان و پەسەندی دەکات.(Aitchison J.1989: 7 ) وشەکان لە فەرهەنگی ئاوەزیدا لەگەڵ یەکتردا پەیوەندییان هەیە، ئەو وشانەی کە واتا یان شێوەی فۆنیمی (لەڕوی دەنگسازییەوە) هاوبەشیان هەیە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا پێکەوە پەیوەندییان دەبێت. بە واتایەکی تر دەتوانرێت فەرهەنگی ئاوەزی وەکو تۆڕێکی چەند لایەنە وێنەبکرێت کە لێکچونێکی زۆر وەکو لێکچونی واتایی ، فۆنیمی، وشەسازی بونیان هەیە.( نجفیان ، آرزو ، 1392: 184) لە فەرهەنگی ئاوەزیدا بۆ هەر وشەیەك بەلایەنی کەمەوە سێ جۆر زانیاری کۆکراوەتەوە.

1-زانیارییەدەنگییەکان (باس لە چۆنیەتی دەبڕین وشەکان دەکات).

2- زانیارییە ڕێزمانییەکان( باس لە چۆنیەتی بەکارهێنانیان لە پێکهاتەی ڕێزمانیدا دەکات ).

3- زانیارییە واتاییەکان (باس لەوە دەکات کە وشەی مەبەست ، چەند واتا لەخۆ دەگرێت).( قاسمی ماژین ، فرخندە ودیگران : 1395)

فەرهەنگی ئاوەزی تاك زیاتر لە فەرهەنگە گشتییەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و زیاتر دەکەوێتە بەر ئەو تەوژمە فراوانەکەی لە بواری تەکنەلۆجیادا ڕودەدەن.کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بەسەر ئەم فەرهەنگەوە دیارە و کاریگەری ڕاستەو خۆیان بەسەر فەرهەنگی ئاوەزییەوە هەیە بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا بەرانبەر بە وشەی مەسج(پەیام)وشەیەکی ڕەسەنە بەڵام لە فەرهەنگی ئاوەزیدا مەسج بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت.بونی ئەم وشانە لە فەرنگی ئاوەزیدا پاش تێپەڕبونی ماوەیەك دەبێتە بەشێك لە فەرهەنگی گشتی زمان.

ئاشکرایە لەگەڵ کرانەوەی کۆمەڵگای کوردی بە ڕوی تەکنەلۆجیا نوێیەکانی سەردەم گۆڕان لە ژیان و کەلتور و زمانیشدا ڕودەدات, ئەو وشەو زاراوانەی کە لەم ڕێگەیەوە دێنە نێو زمانەکەمان دواتر دەچنە نێو فەرهەنگ و دەبنە بەشێك لە فەرهەنگی زمان وەك,تاگ,پەیجی,لایف,سێلفی,... (لەمەوە دەردەکەوێت کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت و بەتایبەت فەیسبوك کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر فەرهەنگی زمانی کوردی.( خالد, هیوا سەلام,2017 :10) هەرچەندە هەندێ لەو وشە و زاراوانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەن لە زمانی کوردیدا بەرانبەریان هەیە بەڵام لە فەرهەنگی

ئاوەزی تاکدا وشە بێگانەکان بەکاردێت و بەسەر وشە کوردییەکەدا زاڵە و دەتوانین بڵێین ئەم وشانە بون بە وشەی جیهانی و کوردیش هەر بەو شێوەیە بەکاریدەهێنێت.

سەرهەڵدانی دیاردە و کەرەستەی نوێ لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا, پێشکەوتنە خێراکانی زانست و بیری مرۆڤ لەگەڵ زیادبونی کاڵا و دیاردەی نوێ لە هۆکارەکانی گەشە سەندنی فەرهەنگی زمانی هەر نەتەوەیەك.

زمانی کوردی وەك هەمو زمانەکانی تر بەردەوام وشە و زاراوەی نوێ دێنێتە نێو زمانەکەیەوە, وەرگرتنیش دیاردەیەکی سروشتی و ئاسایی هەر زمانێکە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی زمانەکەیەتی. بڵاوبونەوەی ئەم وشانە لەنێو چینە جیاوازەکانی یەك کۆمەڵگەدا, لەم ڕووەوە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان "پەیوەندی"زانیاری نوێ سامانێکی گۆکردنی نوێ دەبەخشێتە خەڵکی بە تایبەتی نەوەی نوێ,کە زۆر جیاوازە لە نەوەکانی پێشتر کە لە ڕێگەی ئامرازە سادەکانەوە بۆیان ماوەتەوە,هاتنە ناوەوەی ئەم وشانەش دەوڵەمەند بون و فراوانبونی فەرهەنگەکەمان پیشان دەدات.( بڕوانە ,عەبدوڵڵا,ڕۆژان نوری,2013 :151)

لەبەرئەوەی وشە دەبێتە بناغەی دروستکردنی فەرهەنگ وشەش وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی ئەم سێ تایبەتمەندییەی خوارەوەی تێدایە.هەمیشە یەکە فەرهەنگیەکانی وشەکان جێگیر نین, وشەی نوێ لە هەمو بارودۆخێکدا دروست دەبێت,وشە کۆن و سواوەکان ڕوبەڕوی ونبون و لەناوچون دەبنەوە.( عەبدولڕەحیم,عوسمان کەریم,2014 :10) لەسەر ڕوی ئەم زەمینەدا زمانێك نادۆزینەوە, کەکاریگەری زمانی بێگانەی لەسەر نەبێت و سودی لە زمانانی تر وەر نەگرتبێت, واتە هیچ نەتەوەیەك نیە هەڵگری زمانێك بێت کە هەمو وشە و زاراوەکانی هی زمانە ڕەسەنەکەی خۆی بێت بەڵکو بەشێوەیەکی نائاگا گەلێك زاراوە و وشەی نوێیاو دێتە زمانەکەیەوە.( حەمید,ساکار ئەنوەر,2009 :76)

لەڕوی چالاکی بەکارهێنانی وشەکانەوە, بەپێی چەسپاو نەچەسپاوییان فەرهەنگی زمان پێکدێت, لە فەرهەنگی گشتی vocabulary کە سەرجەمی ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لەزمانێکدا بەکاردێت لەگەڵ فەرهەنگی بنەڕەتی زمان basic word stock کە بەشێکە لە گشتیەکە.(صدیق,فاروق عومەر,2013 :150)

ئەنجامەکان:

1-تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان , وەك هۆکارێکی سەردەمیانە, کە لە ئەنجامی پێشکەوتنەکانی سەردەم هاتۆتە کایەوە , کاریگەریی لەسەر هەمو ئاستەکانی زمان هەیە.

2-گۆڕانەکان لە دەنگسازیدا لە ئاستی فەرهەنگی ئاوەزی تاکدا دەوەستێتەوە و تێناپەڕێتە نێو فەرهەنگی گشتی زمان.

3-لەنێو ئاستەکانی زماندا, کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی مۆرفۆلۆجی زیاتر هەستی پێدەکرێت.

4-جگە لەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری لەسەر ئاستەکانی زمان بە گشتی هەیە, کاریگەریشی لەسەر فەرهەنگی زمانی و فەرهەنگی ئاوەزی هەیە.

5-تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر زمان هەیە, کاریگەرییە ئەرێنییەکان وەك, یارمەتی فێربونی وشەی نوێ و چوارچێوەی بەکارهێنانی ئەو وشانە دەدات. کاریگەرییە نەرێنییەکان,توانای نوسین کەمدەکاتەوە و زیاتر هەڵەی ڕێنوسی لە نوسینەکانیاندا هەستی پێدەکرێت, فەرامۆشکردنی لایەنی ڕستەسازی و یاسا ڕێزمانییەکانی زمان.

5-کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر فەرهەنگی نابنەڕەتی زیاتر هەستی پێدەکرێت, چونکە فەرهەنگی نابنەڕەتی زیاتر دەکەوێتە بەر تەوژمی گۆڕانکارییەکانی سەردەم.

سەرچاوەکان بە زمانی کوردی :


1. حەمەئەمین,خۆشناو عەزیز,ڕەشید,سەلام ڕەحیم(2019)فەرهەنگی زمان و پرۆسە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا,گ.ز.گەرمیان ,ژ.6

2. حەمید,ساکار ئەنوەر(2009)وشەخواستن لە زمانی کوردیدا,نامەی ماستەر ,زانکۆی سەڵاحەدین.

3. خالد,هیوا سەلام(2017)کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمانی کوردی,گ.ز.ڕاپەڕین ,ژ.10 ساڵی چوارەم.

4. دزەیی,عەبدولواحید موشیر(2014)لێکسیکۆلۆجی,چاپی دوەم.

5. ڕەحیمی,کامەران(2007)خەسارناسی و وشەسازی لە زمانی کوردیدا,وەرزنامەی زانستی زمانەوان لێکۆڵینەوە,کۆڕی زانستی زمانی کوردی-ئێران,ئاراس,هەولێر.

6. سەعید,محەمەد مەجید(2015) فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکسیمبون لە زمانی کوردیدا,نامەی ماستەر ,زانکۆی سلێمانی.

7. شوانی,ڕەفیق(1998)کاریگەری بزوتنەوەی کورد و فراوانبونی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی,گ.ز.کاروان,ژ.127

8. صدیق,فاروق عومەر(2013)لەدایك بونی وشە.

9. عەبدولڕەحیم,عوسمان کەریم(2014)وشەسازی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی,نامەی ماستەر,زانکۆی سلێمانی.

10. عەبدوڵلا,ڕۆژان نوری(2013)فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی,چاپی دوەم,چاپخانەی چوارچرا.

11. عەلی, بەکر عومەر,عەبدولغەنی,سوزان سەعدوڵلا(2019)زاراوە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا, گ.ز.گەرمیان, ژ.6

12. مەحوی,محەمەد(2016)مەنامە,چاپی یەکەم,چاپخانەی ئەندێشە.

13. محەمەدئەمین,میدیا مراد(2009)لێکدان و خستنەپاڵ لە زمانی کوردیدا,نامەی ماستەر,زانکۆی سەڵاحەدین.

14. موکریانی,هەژار,هەمبانە بۆرینە.


سه رچاوه کان به زمانی فارسی:


ز15 امین افشار، مریم و محمدی نیا ، مهدی ( 1396)، مقایسه تغییرات صرفی واژگان زبان فارسی بین تلگراف و فضای مجازی ، دومین کنفرانس بین المللی ادبیات و زبان شناسی.

16. بخشی ، اختیار (1395)، بررسی و نقد بخش نحو دستور زبان فارسی معاصر ژیلبر لازار، http://maqalat-e-bakhshi.blogfa.com/post/4/%D8%A8%D8%B1%D8%B1%D8%B3%DB%8C-%D9%88

17. حسینی بهشتی ، ملوك السادات (1393)، ساختواژه، اصطلاح شناسی و مهندسی دانش ، چاپ اول ، پژوهشگاه علوم وفناوری اطلاعات ایران ، تهران.

18. خورشیدیان ، رائیکا ودیگران ( 1393 ) ، نقش رسانه ها در هدایت فرهنگ عمومی (بررسی موردی : جریان مد در جامعه) ، رسانه و فرهنگ ، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی ، سال چهارم ، شماره دوم .

19. ذوالفقاری ، حسن ( 1388 ) ، بررسی ضرب المثلهای در دو سطح واژگانی و نحوی ، فنون ادبی (علمی – پژوهشی)، سال اول ، شماره 1 ، دانشگاه اصفهان.

20. رحمان زاده ، سیدعلی (1389)، کارکرد شبکه های اجتماعی مجازی در عصر جهانی شدن ، مطالعات راهبردی جهانی شدن ، سال اول ، پیش شماره اول .

21. سایت / تعریف شبکه های اجتماعی چیست ؟(شبکه اجتماعی ) - متمم ،محل توسعه مهارت های من.

22. سبزعلیپور ، جهاندوست و نیك گهر ، سیده فاطمه (1393)، فرهنگ نگاری گویشی ، مطالعه موردی : بررسی فرهنگ نگاری در گیلکی ، فصلنامه علمی – پژوهشی دانشگاه الزهرا ، سال ششم ، شماره 11.

23. شریفی ، شهلا ، مولوی وردنجانی ، آرزو ( 1387)، پربسامد ترین روابط مفهومی میان واژگان ، مجله زبان وادبیات فارسی ، سال ششم ، دانشگاه سیستان و بلوچستان .

24. شوهانی ، علیرضا و حسینی، سارا ( 1397)، بررسی وجوه تأثیر فضای مجازی بر زبان و ادبیات فارسی معاصر ، نشریه زبان و ادب فارسی ، سال71، شماره 237، دانشگاه تبریز.

25. شیرزاده طالقانکی ، فاطمه (1391)، واژه و واژگان در زبان ، مؤسسه فرهنگی و اطلاع رسانی تبیان.

26. گلفام ،ارسلان (1393) ، اصول دستور زبان ، چاپ ششم ، تهران.

27. عدلی پور ، صمد و قاسمی ، وحید و میرمحمد تبار ، سید احمد ( 1393)، تأثیر شبکه های اجتماعی فیس بوك بر هویت فرهنگی جوانان شهر اصفهان ، فصلنامه تحقیقات فرهنگی ایران ، دوره هفتم ، شماره1 .

28. قاسمی زاده ، بهرنگ و رحیمی، سعید (1385)، ارائه یك واژگان برای کلمات فارسی .

29. قانعیان سبدانی، مهناز (1390)، بررسی تأثیر رسانه های جهانی بر هویت فرهنگی جوانان، فصلنامه ی مطالعات راهبردی سیاستگذاری عمومی ، دوره2 ، شماره5 . sspp.iranjournals.ir/article_2477.html

30. کاظم زاده ، موسی و کوهی ، کمال (1389) ، نقش وسایل نوین ارتباط جمعی درتوسعه فرهنگی ، موانع و راهکارها ، فصلنامه مطالعات فرهنگ - ارتباطات ، سال دوازدهم ، شماره دوازدهم .

31. ماژین ، فرخنده قاسمی و قدیانلو ، افسانه و قاسمی ، راضیه ، (1395) ، بررسی اثربخشی به کارگیری واژگان ذهنی در ارتباط با درك مطلب دانش اموزان پایه چهارم، پژوهشهای زبان شناسی دانشجویان405دانشگاه تربیت معلم شرافت .

32. مدرسی ، فاطمه ( 1387) ، از واج تا جمله فرهنگ زبان شناسی - دستوری، چاپ دوم ، نشر چاپار ، تهران .

33. مرئی ، آزاده ( 1395)، شبکه های اجتماعی ، از دیروز تا امروز ، مؤسسه فرهنگی و اطلاع رسانی تبیان ، https://article.tebyan.net

34. المشکوه الدینی ، مهدی (1391)، سیر زبان شناسی ، چاپ ششم ، انتشارات دانشگاه فردوسی ، مشهد.

35. مشکوه الدینی، مهدی (1391)، دستور زبان فارسی واژگان و پیوندها ، چاپ ششم ، ویراست 2 ، تهران.

36. نجفیان ، آرزو (پاییز وزمستان1392) ، بازشناسی واژه های مشتق در ذهن گویشوران زبان فارسی از منظر روانشناسی زبان و کاربرد ان در واژەگزینی ، پژوهشهای زبانی ، سال 4 ، شماره 2 ، تهران.

سه رچاوه کان به زمانی ئینگلیزی:

37-Ahika Belal h of I unce of digtal social mediain writing and speaking of teriay leud student /B R A university;Department of English and Human ties.

38-Aitchison, J.1989 . Words in the mind :An introducation to the mental lexicon , Basil: Blackwell.

سایته کان:

39-https://com,jessica grabrow,2014

40-pars.ie/publications/papers/pre-prints/farsi-lexicon.pdf

41-https://motamem.orgشبکه-های-اجتماعی-چه-هستند-و-چگونه-تعریف/

## تأثير الشبكات الاجتماعية على المعجم اللغة الكردية

**تريفه محمد فرج** **كزال جهابخش محمد**

**قسم اللغة الكردية جامعة گرميان** **قسم اللغة الكردية جامعة گرميان**

Trefa.mohamed@garmian.edu.krd Kazhal.jhabakh@garmian.edu.krd

الملخص

تتناول هذه الدراسة الموسومة ب(اثر الشبكات التواصل الاجتماعي على المعجم اللغة الكوردية) مشكلة لغويا غاية في الاهمية، الا وهي تاثير اللغة المتناولة في الشبكات التواصل الاجتماعي على اللغة الكوردية، حيث بات معلوما استخدام المفرط للشبكات التواصلية يشغل حيزا كبيرا في حياة الفرد تاركا بذلك اثرا سلبيا و ايجابيا في اللغة الكوردية و معجمها، لان اي تغير في المجتمع يتبعها تغيرا في اللغة و المعجم و المعجم الذهني .

وقد اعتمدت الباحثتان في دراستهما المنهج الوصفي، و قسمتا البحث الى فصلين كالاتي:

تتناول الفصل الاول ، مفهوم الشبكات التواصل الاجتماعي و اثارها الايجابية و السلبية على اللغة .

اما الفصل الثانى فتتناول عدة موضوعات منها تعريف المعجم و انواعها ، و تاثير الشبكات التواصل الاجتماعي على المعجم و المعجم الذهني(العقلي) للفرد .

ختاما تم عرض اهم النتائج التي توصلت اليها الباحثتان مع الاشارة الى المصادر والمراجع و ملخصا باللغتين العربية والانكليزية للبحث .

الكلمات الدالة: المعجم العام، المعجم الذهني، شبكة الأجتماعية، الصرف

## The effect of social media on Kurdish language dictionary

**Trifa Mohammed faraj** **Kazhal jahabakhsh Mohammed**

**Kurdish Department Garmian University Kurdish Department Garmian university**

Trefa.mohamed@garmian.edu.krd Kazhal.jhabakh@garmian.edu.krd

**Abstract**

This research entitled "The effect of social media on Kurdish language dictionary" is a descriptive study. It is obvious that social media is taking a wide area in a person's life, in order to create communications with others; people in the society spend part of their time using social Medias. Thus, now a day's one of the important aspects of life and society is the presence of social media as a tool to communicate and getting closer to each other. Since life is directly connected to society, any change happens in society it will directly effect on language and the dictionary of language.

This study includes two sections: section one includes key words, defining social media, the positive and negative effects of social media on language. While section two is about defining dictionary, kinds of dictionary, the effect of social media on the general dictionary of language and the mentioned mental lexicon. The end of the study is about the result and the abstract in both English and Persian language has been mentioned in addition to the sources used in this study.

Keywords: General Lexicon, Mental Lexicon, Social Network, Morphology.